وەزارەتی بەرگری عێراق ڕاگرتنی دەرماڵەیەکی هێزی ئەمنیەکان هەتدەکاتەوە

وەزارەتی بەرگری عێراق ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە لە سۆشیال میدیادا بڵاوبونەتەوە سەبارەت بە بەیاری ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی دەرماڵەی مەترسیی هێزی ئەمنییەکان، کە 500 هەزار دینارە.

وەزارەتی بەرگری عێراق ئەمە چوارشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە باسی لەوەکردوە، "ئەو زانیاریانەی باس لە ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی دەرماڵەی مەترسیی ئەندامانی هێزی چەکدارەکان دەکات بە تەواوی درۆیە، وەزارەتی دارایی هیچ ڕەنمایی و بڕیارێکی لەوبارەیەوە دەرنەکردوە، جگە لەوەش خەرجکردنی ئەو دەرماڵانە بەپێی یاسا و ڕەسای کارپێکراو بڕدەوامە".

وەزارەتی دارایی عێراق پێشتر ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە و دوپاتیشیکردەوە کە هیچ فەرمانێک بە هەوشاندنەوەی ئەو دەرماڵانە دەرنەچوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "بەپێی یاسا بڕکارەکان و بەبێ هیچ گومانکارییەک لە خەرجکردنی ئەو دەرماڵەیە بڕدەوام دەبن".